ئا: دیارسالار





# خەم و گرفتەکانی کەم ئەندام و نابیناکان

**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**پرۆژە یاسای چاودێری و شیاندنی کەم ئەندامان ئاڕاستەی پەرلەمانی کوردستان کراوە بۆ پەسەندکردن**



(سەرەکیترین کێشەی من کە تائێستا بەدەستیەوە دەناڵێنم پەڕینەوە لەشەقامەکان و یاخود چوون بۆ نهۆمە بەرزەکانە) ئەمە قسەی ئارام سەردارە کە ساڵانێکی زۆرە چاوەکانی دوورە لەڕووناکی و دەشڵێت «ئەو کەسانەی کە چاوەکانیان دوورە لەڕووناکی، واتا نابینان کێشەیان زۆرەو ناتوانن وەکو مرۆڤێکی ئاسایی مامەڵەبکەن، بۆنموونە خوێندنیش بۆنابینا زۆر زەحمەتەو ئاستەنگی زۆرە، نابینایەك هەتا خوێندن تەواو دەکات زۆر ماندوو دەبێت، پێویستی بەهاوکاری دەوروپشتی هەیە بەتایبەتی لەکاتی تاقیکردنەوەکاندا. نابیناکان زۆر پێویستیان بەهاوکاری چاوساغەکان هەیە». دواتر کارزان عوسمانی نابیناش باس لەتوانایی زیرەکی نابیناکان دەکات و دەڵێت «هەندێك کەسانی چاوساغ هەن باوەڕناکەن کەلەناو نابیناکاندا مرۆڤی سەرکەوتوو داهێنەر و بەتوانا هەبێت، چونکە بەشێك لەئەندامانی ناو کۆمەڵگەی ئێمە تائێستا باوەڕیان بە هێز و توانای کەسانی نابینا نییە، وا بیردەکەنەوە کە نابیناکان کەسانی بێدەسەڵات بن و نەتوانن هیچ جۆرە کارێك جێبەجێبکەن، لەڕاستیدا بەوشێوەیە نییە، چونکە نابینای زۆر بەتواناو سەرکەتوو هەیە، کە بەڕاستی ئەگەر بواریان بۆ بڕەخسێت دەبنە کەسانی داهێنەر لەگشت بوارەکانی ژیاندا». کارزان ئەوەشدەخاتەڕوو کە پێویستە لەگشت قوتابخانەکان و شوێنە گشتی و تەنانەت فەرمانگەو دەزگاکاندا هەوڵبدرێت خەڵك وشیاربکرێنەوە دەربارەی کەسانی نابینا، چەمکی نابینا بەهەموو لایەك بگەیەنرێت و بزانن کە مرۆڤی نابینا وەك هەموو مرۆڤێکی ئاساییەو توانای کارکردنی هەیە، تەنیا لەڕووی بینینەوە لەتاکەکانی تر جیاوازە.

## هەموو نابیناکان بۆخوێندنەوە دەتوانن سوود لە ئینتەرنێت وەربگرن

گوڵزار حەسەن مامۆستا لەپەیمانگای ڕووناکی دەڵێت «سەرەکیترین کێشەی هەموو نابینایەك مەسەلەی هاتوچۆیە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی ئێمە ئاشنا نەبوون بەنابینا و نەیانتوانیوە وەك پێویست هاوکاری نابیناکان بکەن». سەبارەت بەکێشەی خوێندنەوە مامۆستا گوڵزار وتی: «خوێندنەوەو هاتۆچۆ دوو لەگەورەترین کێشەی نابیناکان بووە لەژیانیدا، زۆرێك لە نابیناکان ئارەزووی خوێندنەوەیان هەبووە، بەڵام ئێستا تاڕاددەیەکی باش کێشەی خوێندنەوە کەمبۆتەوە، چونکە سیستەمی کۆمپیوتەری تایبەت بەنابیناکان کێشەی بەشێکی زۆر لەنابیناکانی چارەسەرکردووە، هەموو نابیناکان بۆخوێندنەوە دەتوانن سوود لە ئینتەرنێت وەربگرن.

## کەم کەس هاوڕێیەتی نابیناکان دەکات

یونس حوسێنی نابینا مامۆستا لەپەیمانگای نابینیان ئاماژەی بەتەنیای و گۆشەگیردا کە گەورەترین کێشەی نابینیانە و دەڵێت: «گەورەترین کێشەی هەموو نابیناکان ئەوەیە کەهەمیشە نابینا هەست بەتەنیایی دەکات، چونکە لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆربەی نابیناکان ناتوانن هاوڕێیەتی مرۆڤە چاوساغەکان بکەن، لەبەر ئەوەی تا ئێستا مرۆڤی چاوساغ ئەو هەستەی تیادا دروست نەبووە ببێتە هاوڕێی کەسێکی نابینا، هەمیشە چاوساغەکان خۆیان لەمرۆڤە نابیناکان لادەدەن و نابیناکان بەتەنیایی دەمێننەوە، ئەمە بێجگە لەوەی کە کەسانی نابینا کێشەی تریشان هەیە، کێشەیەکی سەرەکی تر کە ڕووبەڕووی هەموو نابیناکان دەبێتەوە ئەوەیە کە چاوساغەکان هیچ ڕەچاوێکی تایبەتی بۆ نابیناکان ناکەن و هیچ هاوکارییەکیان پێشکەش ناکەن، لەبەر ئەوەی تائێستا تاکەکان لەچەمکی نابینا تێنەگەیشتوون و نازانن کە نابینا بەردەوام پێویستی بەهاوکاری هەیە».

## بەرنامەی زۆرهەیە بۆباشترکردنی باری گوزەرانی کەم ئەندامان

ئاسۆس نەجیب وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی سەبارەت بەهەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم بۆ چارەسەری کێشەی کەم ئەندامان دەڵێت «بۆ باشترکردنی باری گوزەرانی کەم ئەندامان، بەرنامەی زۆری بۆ دانراوەو یەکێك لەهەنگاوە گرنگەکانی حکومەتی هەرێم بۆچارەسەری کێشەی کەم ئەندامان زیادکردنی مووچەکەیانەو کە پێشتر ئەو کەم ئەندامانەی فەرمانبەر بوون تەنیا ٣٠ هەزار دیناریان هەبوو، هەروەها ئەو کەم ئەندامانەی کە فەرمانبەر نین تەنیا (٥٠) هەزار دیناریان هەبوو، بەڵام ئێستا ئەم مووچەیە زیادکرا، خۆشبەختانە ئەم مووچەیە لە٣٠ هەزارەوە بۆ ١٠٠ هەزار و لە٥٠ هەزارەوە بۆ ١٥٠ هەزار دینار زیادکرا. لەئێستادا ٨٢٩١٧ کەم ئەندامی (نابینا – بیرکۆڵ – مەنغۆل — تالاسیما – ئیفلیجی مێشك – نابیست – کەم ئەندامی فیزیای) کورتە باڵاکان مووچە لەوەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی وەردەگرن. بۆ کارئاسانی کەم ئەندامان هەڵساین بەتەرخانکردنی فەرمانبەرێك لەپرسگەی هەر فەرمانگەیەك بۆ ڕایی کردنی کاروباری کەم ئەندامان لەو فەرمانگەیەدا. لەئێستادا ئەم بڕیارە چۆتە بواری جێبەجێکردنەوە و کاری پێدەکرێت، لەڕێگەی تابلۆیەك و هەڵواسینی باجێك بەو فەرمانبەرەی تایبەت کراوە. کەم ئەندامان دەتوانن کارەکانیان ڕایی بکەن و ئازارو ماندووبوون نەکێشن».

هەروەها سەبارەت بەپڕۆژە یاسای چاودێری شیاندنی کەم ئەندامان وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی وتی «ئەم پرۆژە یاساییە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کراوە بۆ پەسەندکردن، پرۆژەی چاودێری و شیاندنی کەم ئەندامان کۆکراوەی ڕای زۆربەی ڕێکخراوە کەم ئەندامیەکانی کوردستانە. کە لەکۆبوونەوەیەکدا سەرجەم ڕێکخراوەکان ڕای خۆیان لەسەر ئەم پرۆژەیە خستەڕوو و دەنگیان بۆ دا، دواتر بەرزکراوەتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران. ئامانج لەم پرۆژەیە پارێزگاری و دەستەبەرکردنی ماف و پێداویستیەکانی خاوەن پێداویستی تایبەتە. هەروەها چۆنیەتی مامەڵەکردنیان وەکو کەسێکی ئاسایی و پێدانی کەسایەتی سەربەخۆی خۆیان بەپێی ستاندارده نێودەوڵەتیەکان. لەبڕگەکانی پرۆژەکەدا باس لەوەکراوە مووچەی کەم ئەندامان بەپێی ڕێژەی کەم ئەندامیەکەیان بێت و لەهەر فەرمانگەیەکی حکومی و کەرتی تایبەتدا ڕێژەی دیاریکراو بۆ کەم ئەندامان دیاری بکرێت بۆ دامەزراندن. هەروەها لەپرۆژەکانی نیشتەجێبوون پشکی کەم ئەندامان لەبەرچاو بگیرێت. جیا لەوەش هاوکاریکردنی کەم ئەندامان لەپرۆژەکانی وەرزشی و ڕۆشنبیری و پەرەپێدانی تواناکانیان لەو بوارەدا و ئاسانکاری کردن بۆیان)).

# پرۆگرامە خێرخوازییەکان، هەوڵێکە بۆ شکاندنی شکۆمەندی مرۆڤ



ئاری ڕەفیق

بەپێی ستانداری نێودەوڵەتی یەکێك لەپرەنسیپە سەرەکییەکانی کارکردنی میدیا لەپاڵ گەیاندنی (زانیاری)، پابەندبوونیەتی بەناوەڕۆکی ئیدیۆمی (بەرپرسیاریتی کۆمەڵایەتی)، لەهەرێمی کوردستاندا جۆرێك لەمیدیا دروست بووە کە نەك پابەند نەبووە بەجێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ئەو ئیدیۆمەوە، بەڵکو تادێ پانتایی کارکردنی نابەرپرسیارانەی خۆی بەرفراوانتر دەکات، بەشێوازێك کاریگەری زۆر نێگەتیڤی لەئاڵۆزکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و خێزانی بەجێهێشتووە.

ئەوەتا چەند ساڵێکە لەرێگەی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و کەناڵە لۆکاڵیەکانەوە بەناوی جۆراوجۆر (پرۆگرامی خێرخوازی) پێشکەش دەکرێ، لەم پرۆگرامانەدا هاوکاریکردنی ماددییانەی کەسانی (هەژار، نەخۆش، خاوەن پێداویستی تایبەت)کراونەتە ئامانج، وەکو نیەت و ئامانج هەوڵی لەو شێوەیە جێگەی ستایشە، چونکە هیچ کەس لاری لەوە نییە کە تا ئێستا بەهەرهۆکارێك بێ کەسانێك ماون لەدۆخ و قەیرانێکی هەژاریدا دەژین و پێویست بەدۆزینەوەو ناساندنیان دەکات تاکو لەلایەن کەسانی سەرمایەگوزاری خێرخوازەوە لەو نەهامەتیە دەربازبن، بەڵام ئەو پرۆگرامە خێرخوازیانە لەو ڕۆژەوە کەوتنە هەڵەیەکی کوشندەی مەعنەوییەوە کە تەنیا یەك دیوی ئاریشەکەیان لەگۆشەیەکی تەسکەوە بینی، ئەو هەڵەیەش هەوڵدان بوو بۆ هاوکاریکردنی مرۆڤەکان لەڕووی (ماددی)یەوە، لەکاتێکدا ئەگەر جارێك لایەنی ماددی مرۆڤ گرنگ بێ، ئەوا هەزار هێندەش لەبەرچاوگرتنی لایەنی (مەعنەوی) مرۆڤەکان گرنگە، کە دەکرێ لێرەدا وەك (شکۆمەندی)ناوی بهێنین.

مرۆڤ بەسروشتی خۆی دوو سەرمایەی سەرەکی پێکهاتەیەتی، (سەرمایەی ماددی) کە مرۆڤەکان بەشێوازی فرەجۆر بەدەستی دەهێنن، بەشێك لەمرۆڤەکان بەدەوڵەمەندی ماددییەوە لەدایك دەبن و بەدەوڵەمەندی ماددیشەوە دەمرن، بەشێکی تریشیان لەسەرەتاوە بەقەیرانی ماددییەوە دێنە دنیاوەو دواتر لەو قۆناغە دەربازیان دەبێ، بەڵام کەمجاران بینیومانە کەسانێك هەبن لەساتەوەختی لەدایکبوونیانەوە بەهەژاری لەدایك ببن و تا ساتەوەختی مردنیان هەر بەهەژاری بمرن، هەربۆیە زۆرینەی جاران بەدەستخستنی (سەرمایەی ماددی) لەرێگەی کۆشش و شەونخونی و ماندووبوونەوە دەتوانرێ بێتە دەست، بەڵام هەرگیز کەڵەکەکردنی (سەرمایەی مەعنەوی و شکۆمەندی مرۆڤ) نە هێندە سانایەو نە کە لەدەستیش چوو بەئاسانی جارێکی تر دەگەڕێتەوە.

بۆئەوەی چیتر بێڕێزی بەشکۆی (مرۆڤە هەژار و نەخۆش و خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان) نەکرێ، تاکو چیتر لەپێناو بەخشینی بڕێك هاوکاری ماددیدا بۆ تاهەتایە کەرامەت و شکۆمەندنیان نەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، لێرەدا سێ پێشنیار بۆ پێداچوونەوەی (پرۆگرامە خێرخوازییەکان) لەلایەن کەناڵە ئاسمانی و لۆکاڵیە کوردییەکان و بەشێك لەرۆژنامەو گۆڤارەکان دەخەینەڕوو:

یەکەم/ یەکێك لەو هەڵە گەورانەی پرۆگرامە خێرخوازییەکان کە نائاگاییانە تێی کەوتوون بەکارهێنانی (کارەکتەری منداڵ)و دواندنیان و نیشاندانی دەموچاویان و تا ئاستی گریاندن و کروزانەوەیان، سیاسەتی کارکردنی ئەو جۆرە پرۆگرامانە لەئاست مامەڵەکردنیان لەگەڵ کارەکتەری منداڵ، شێوازێکی ئاشکرایە لەبەکارهێنانی توندوتیژی دژ بەمنداڵان.

دووەم/ ئاشکراکردن و نیشاندانی ڕوخساری کارەکتەری ئافرەتان و پیاوانی کەمدەرامەت و نەخۆش و خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان لەشاشەی تیڤیەکان و ڕووپەڕی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان، لەکۆمەڵگەیەکی ڕۆژهەڵاتیدا هەوڵێکە بۆ شکاندنی شکۆمەندیان و لێدانە لەکەسایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتی ئەوان، بۆ ڕاگرتنی ئەو هەوڵانە پێویستە پەردە لەسەر ڕووخساریان دابنرێت بەشێوازێك لەدەرەوەی پرۆگرامەکان ئاسان لەلایەن کۆمەڵگەوە نەناسرێنەوە.

سێیەم/ بۆ کۆکردنەوەو ڕێکخستنەوەی ئەو کۆمەك و بەخشین و هاوکاریانەی کە لەلایەن کەسانی خێرخوازەوە پێشکەش بەکەس و خێزانە هەژارەکان و خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان دەکرێ، پێشنیاردەکەین لەلایەن (وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی و وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی ڕۆشنبیری) لیژنەیەك پێکبهێنرێ، تاکو کۆی هاوکاری و کۆمەکەکان لەیەك سەرچاوەی باوەڕپێکراودا کۆبکرێنەوە دواتر پێشکەش بەخێزان و کەسانی لێقەوماو بکرێ، لەرێگەی بڵاوکردنەوەی ژمارەیەك یان چەند ژمارە تەلەفۆنێکی دیاریکراو لەسەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندندا.

# ترس لەشووکردن

**ئاشتی عەبدوڵا**

زۆرێك لەكچان و كوڕان هاوسەرگیرییان پێكنەهێناوە و هۆكارەكەی بۆ ئامۆژگاری هاوڕێكانیان دەگێڕنەوە بەوەی كە پێكهێنانی ژیانی هاوسەرگیری كارێكی هەڵەیەو هەتا نەچنە ناو ئەو ژیانە سەختەوە هەستی پێناكەن، پسپۆران و دەروونناسانی كۆمەڵایەتی هۆكارەكەی بۆ ترس و نەبوونی جورئەت و هەندێك كاتیش بۆ بێئیرادەیی كەسەكان خۆیان دەگێڕنەوە. زۆرن ئەو كوڕو كچانەی باس لەوە دەكەن كە تووشی دڵەڕاوكێ و بیركردنەوەیەكی قووڵبوون لەكاتێكدا كە چەند گەنجێك بەنیازی هاوسەرگیری بوون لەگەڵیدا، بەڵام بەهۆی كاریگەری ئامۆژگاری ئەو هاوڕێیانەی كە هاوسەرگیریان پێكهێناوە پەشیمان بوونەتەوەو نەیانتوانیوە بڕیار بدەن. زۆرن ئەوانەی دەڵێن: «نەمدەتوانی بڕیاری هاوسەرگیری بدەم هەرچەندە ئەو كەسانەی كە بۆ هاوسەرگیری پێیاندەووتم هیچ هەڵوێستێكی وایان تێدا نەبوو كە وام لێبكات ڕازی نەبم پێیان و قبوڵیان نەكەم». هەندێك دەڵێن: هاوڕێكانمان چەند ساڵێكە هاوسەرگیرییان پێكهێناوە، بەڵام بەهۆی نائارامییانەوە لەو ژیانەدا ئامۆژگاریمان دەكەن كە هاوسەرگیری نەكەن. لەبەرئەوە گەنجا نێكی زۆر هەن لەدڵەڕاوكێیەكی زۆردا دەژین و ترسیان



لەپرۆسەكە هەیە. ئەوان ڕاشكاوانە دەڵێن: «هاوڕێكانمان هاوسەرگیرییان كردووەو ئێستا پەشیمانن لەپێكهێنانی ئەو پرۆژەیەو ئامۆژگاریمان دەكەن بەئەنجامنەدانی هاوسەرگیری، ڕێنوومایییان ئەوەیە كە كوڕان ژن نەهێنن و بەپێكنەهێنانی هاوسەرگیری هانی كچان دەدەن». سەرەڕای ئامۆژگاری هاوڕێیانی خێزاندار لەبەرئەوەی كە باری ژیان و گوزەرانی ئێستا قورسبووەو نەگونجاندنی كەسی بەرامبەر كێشەی زۆر دروست دەكات، بوونەتە هۆكار كە گەنجان نەتوانن بڕیاری هاوسەرگیری بدەن. كارێكی ئیجابییە ئەگەر گەنجان پێش هاوسەرگیری ئامۆژگاری كەسانی دەوروبەر و هاوڕێیان و كەسانی بەئەزموون وەربگیرێت. چونكە دەتوانرێت وتەكانیان بەهەند وەربگیرێت تا هەڵەی ئەوان دووبارە نەكرێتەوەو وەك ئەزموونێكی تایبەتی سوودی لێوەربگرێت. بەلای هەندێك گەنجەوە هەر كەسەو ئەزموونی تایبەتی خۆی هەیە، لەبەرئەوە پێویست ناكات كەسێك كە هاوسەرگیری نەكردبێت گوێ لەهەندێ كەس بگرێت كە ئەزموونێكی تاڵیان هەیە لەهاوسەرگیریدا، چونكە مەرج نییە هەمان ئەزموون و هەمان بەرامبەر و كێشەی تاڵی ئەو كەسە دوبارە ببێتەوە.

هەندێك لەكۆمەڵناسان وای بۆدەچن كە ئەو گەنجانەی لەئەزموونی ژیانیان دەسڵەمێنەوە كاریگەریی خراپیان دەكرێتە سەر هەندێكیان، كەسانی بێ ئیرادەن و لاوازن لەكەسایەتیداو زۆر پەیوەست نین لەسەر هەڵوێست و هەڵسوكەوت و قەناعەت و بیروباوەڕەكانی خۆیان. ناتوانن هەنگاو بنێن و لەنوشوستی دەترسن و نایانەوێت خۆیان تووشی ئەزموون و سەركێشی بكەن و مانەوەیان لەشوێنی خۆیاندا بەباشتر دەزانن تاوەكو هەنگاونان بەرەو ژیان و گوزەرانێكی نوێتر. مرۆڤی وەستاو مرۆڤێكی دۆڕاوەو ترسنۆكەو هێشتا لەنوشوستییەكەی هەڵنەساوەتەوە، بەڵام پسپۆران دەڵێن: «هاوسەرگیری بنەمایەكی پتەوە لەژیانی تاكەكانداو بەپیرۆزترین هەنگاوی مرۆڤایەتی دەزانرێت و لەڕێیەوە مرۆڤ فێری جوان تەماشاكردنی ژیان دەبێت و ژیانی بریتی دەبێت لەبنیاتنان و باوەڕ بەخۆبوون و بەخشندەیی و هاوكاریكردنی یەكتر و دووركەوتنەوە لەخۆپەرستی و تاكڕەوی و قبوڵنەكردنی كەسانی دەوروبەر».

# دایكی ئیشكەر و منداڵەكانی



**محەمەد ئەحمەد**

توێژەرانی بەریتانی بۆیان دەركەوتووە كە منداڵانی ئەو ژنانەی كار دەكەن، تەندروستییەكی زۆر باشیان نییە، بەبەراوردكردن لەگەڵ ئەوانەی دایكیان كار ناكەن. ئەو دایكانەی دەچن بۆ كار، منداڵەكانیان خۆراكی هێندە تەندروست ناخۆن و چالاكییەكی كەمتریان هەیە. كاترین لۆ و هاوەڵەكانی لەئاكامی هەڵسەنگاندنی داتای زیاتر لە١٢٥٠٠ی منداڵی تەمەن پێنج ساڵ بەئەنجامەكانی ئەم لێكۆڵینەوەیە گەیشتوون. ئەنجامەكانیش توێژەران لەسەر ڕووپەری گۆڤاری «Child Health»دا بڵاویان كردۆتەوە. ئەوان پێیانوایە كە ئەو ساتەی هەمان ئەنجام لەمنداڵانی تەمەنی جیاوازدا دەست بكەوێت، دەتوانرێت لێكۆڵینەوە لەسەر مەترسی تەندروستی كاركردنی دایكان بۆ منداڵان بكرێت. بەپێی ئامارەكانی «BBC» نزیكەی لە٦٠٪ی دایكی منداڵانی تەمەن پێنج ساڵ خەریكی كاركردنن. لەمیانەی لێكۆڵینەوەكاندا توێژەران پرسیاریان لەهەمبەر كاتەكانی كاركردن و خۆراكی منداڵەكان و وەرزش و چالاكی منداڵەكانیان ئاڕاستەی دایكان كرد. سێیەكی دایكان لەدوای خستنەوەی منداڵەكانیان كاریان نەكردووە. ئەوانەی كاریانكردووە، هەفتەی ٢١ كاژمێر كاریانكردووە. فاكتەرەكانی وەك ئاستی پلەی خوێندن و باری ئابووریی و كۆمەڵایەتیی پێشچاو و خراپبوون.

منداڵانی تەمەن پێنج ساڵ، ئەوانەی دایكیان هەموو ڕۆژان یان نیوەی ڕۆژانی هەفتە كاریانكردووە، خواردنەوەی شیرینی وەك كۆلایان زۆر خواردۆتەوە و هەروەها لەبەردەم كۆمپیتەردا زۆر دانیشتوون و ڕۆژانە بەلایەنی كەمەوە دوو كاتژمێر تەماشای تەلەفزیۆنیان كردووە. هاوكات منداڵانی تەمەنی پێنج ساڵ، ئەوانەی دایكیان كاریان نەكردووە، ئەمجۆرە چالاكییانەیان نەبووە. ئەو دایكانەی كاریانكردووە، منداڵەكانیان بەئۆتۆمۆبیل بۆ قوتابخانە بردووە، هاوكات ئەو دایكانەی كاریان نەكردووە، منداڵەكانیان بەپێ یان بەپاسكیل بۆ قوتابخانە بردووە. منداڵانی ئەو دایكانەی بەئارەزووی خۆیان چوونەتە سەر كار، تەندروستییەكی باشیان هەبووە- بەڵام بەوەرگرتنی فاكتەرەكانی دیكەی، وەك شێوازی ژیان، ئەوانیش هێندە تەندروست نەبوون. توێژەران پێیانوایە كە ئەنجامەكانی ئەم لێكۆڵینەوەیە ئاماژە بۆ ئەوە نییە كە دایكان نابێت كاربكەن.

# پێوەندی خۆشەویستیم لەگەڵی
# دانا نەمزانی شووی کردووە

ئا: سانە سلێمان

دروستبوونی خیانەتی هاوسەری کۆمەڵێك هۆکاری جیاجیـــای هەیە کە پاڵ بەژن و مێرد دەنێت هێلانـــەی بەختەوەری خۆیان تێك بدەن و ڕێگەیەکی نادروست بگرنە بەر بۆ تێرکردنی ئارەزوو ویستەکانیان.

لەبازاڕ بینیم ســـەیری نـــاو چاوەکانمی دەکرد و منیش سەیرم دەکرد تا دوای کەوتم و گەیشـــتەوە ماڵ، ژمارەی تەلەفۆنەکەم بـــۆی فڕێـــدا بـــەردەم دەرگاکـــە پاش ماوەیـــەك تەلەفۆنی بۆم کـــرد و پێوەندی خۆشەویستیمان دروست کرد، بەڵام ئەوکات من نەمدەزانی ئەو ئافرەتە شووی کردووە.

(ن،ج) گەنجێکی تەمەن ٢٣ ساڵە پیشەی کاســـبە و تا پۆلـــی ســـێیەمی ناوەندی خوێنـــدووە، لەزیندانەوە باســـی چۆنیەتی ڕووداوەکـــە بۆ گـوڤـــاری گوڵان دەکات و دەڵێـــت «پێوەندی خۆشەویســـتیم لەگەڵ ژنێکدا هەبوو تاماوەیەك نەمدەزانی شووی کردووە، بەڵام دوای ئەوە کە ئاشکراشی کرد خێزاندارە من نەمدەتوانی دەستبەرداری بم، چونکە خۆشمدەویست، ئەوکاتە پێمگوت تۆ هێشتا منداڵت نەبووە لەمێردەکەت جیاببەوە من مارەت دەکەمـــەوە، ئیتر نە من توانیم وازی لێبهێنم نە ئەویش توانی واز بهێنێت و وتەڵاقـــی لەمێردەکـــەی وەرنەدەگرت، کەسمان دەســـتبەرداری ئەویتر نەبووین»، ئـــەو گەنجە باس لـــەوەش دەکات کە ئەو ژنەی پێوەندی خۆشەویستی لەگەڵ هەبووە ڕاســـتە خیانەتی لەگەڵ مێردی کردووە، بەڵام هۆکاری خیانەتکردنەکەشـــی بۆئەوە دەگەڕێتـــەوە کە مێردەکەی دە ســـاڵ لەو گەورەتربوو، هیچ جۆرە خۆشەویســـتییەك لەنێوانیاندا نەبـــوو، چونکە ماڵی پیاوەکە زۆر عەشـــایەربوون و ئاستی ڕۆشنبیرییان لاواز بوو، هەروەها لەترســـی ماڵی باوکی نەیدەوێرا داوای تەڵاق بکات تا من مارەی بکەمەوە.

لەبارەی پێوەندی نێوانیان ئەو گەنجە دەڵێت «ئێمە ســـاڵێك بوو پێکەوە بووین چەندین وێنەمان بەیەکەوە گرتبوو، من تەلەفۆنێکم بۆکڕی ڕەسمەکانیشم لەناو تەلەفۆنەکەی ئەو دانابوو، هەروەها ئەو کاتەی مێردەکەی دەوامی بەشـــەوان بوایە من دەڕۆیشـــتمە لای، زیاتر لەحەوت جار چوومەتە لای و پێکەوە دەبووین».

دوای ئاشـــکرا بوونی پێوەندیەکە ٣ ساڵ زیندانـــی دەکرێین، (ن)بـــاس لەچۆنیەتی ئاشـــکرابوونی پێوەندییەکەیـــان دەکات و دەڵێـــت «ئەو مۆبایلەی من بۆم کڕی بوو وێنەکانـــی تێدا بوو وێنەکان گیرا بوو، ئەو کاتەی کەئاشکرا بووم لەپشت خانووەکەیان گیرام، نیوەڕۆ بوو تەلەفۆنی بۆم کرد وتی دەمەوێ بتبینم کە چوومە ئەوەی هەستم کـــرد چاودێریم دەکەن دوای ئەوە لەدواوەی خانووەکەیان باوکی و براکەی منیان گرت و ڕایانکێشـــام بۆ گەرماوەکە ئیتر لێیاندام و برینداریان کردم». دوای ئاشکرا بوونی پێوەندیەکان و گەورەبوونی کێشەکە دەدرێتە دادگا و دادوەریـــش بەپێی ماددەی ٣٧٧ ناپاکی هاوســـەرگیری هەردووکیان ســـزا دەدرێن بۆ ماوەی ٣ ساڵ زیندانی بکرێن.

**بە٤ دەفتەر کێشەکە چارەسەر دەکەم و ژنەکە مارە دەکەم**

ئەو کوڕە لەزیندانەوە بۆ گۆڤاری گوڵانی باس لەوەکرد کە ئەو ئێستا بەنیازی سوڵح کردنـــە بەبڕی چـــوار دەفتـــەر دۆلار کە هەردوو ماڵەکە تەنازول لەکێشـــەکە بکەن و ژنەکەش بهێنم، چونکە ئەو ژنە منی زۆر خۆشدەویست و مێردەکەشـــی بەدڵ نەبوو لەبـــەر ئەوەی کە ئەو ماڵە ماڵێکی خراپ بـــوون و لەگەڵیان نەدەگونجـــا، هەروەها بەردەوام دەبم لەگەڵیدا بەمەرجێك خیانەت لەمن نـــەکات، چونکە خۆشمدەویســـت و لێشی ڕانابینم خیانەتم لێبکات و هیوادارم بتوانم بەیەکەوە بژین».

دوای ئـــەوەی گۆڤـــاری گـــوڵان ڕێگە پێدانی لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری کۆمەڵایەتـــی وەرگرت بـــۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو ژنەی پێوەندی خۆشەویســـتی لەگەڵ ئەو کوڕە هەبووە، بەڵام بەڕێوەبەری چاکســـازی نەوجەوانان بەبیانووی ئەوەی کە پێویســـتە بۆچوونی ژنەکە وەرگیرێت لەشوێنی ئەو ژنە دوای دوو ڕۆژ بەگۆڤاری گوڵانی ڕاگەیاند کە ئەو ژنە ڕازی نییە بەهیچ شـــێوەیەك قسە بۆ گۆڤارەکە بکات بێ ئەوەی ڕێگا بدرێت لەنزیکەوە ئەو ژنە ببینرێت.

**هۆکارەکانی ڕوودانی ئەو هەڵانە**

لەبـــارەی هۆکارەکانی دروســـتبوونی ئەو کێشانە سیما کامەران توێژەی کۆمەڵایەتی، ئاماژەی بەهۆکارەکانی ئەو هەڵانە دەکات و دەڵێت «بەڕای من پێوەندی نادروســـتی سێکســـی پێش هاوســـەرگیری پاڵنەری سەرەکی خیانەت کردنە، چونکە کوڕ یان کـــچ هەردووکیان فێری ئـــەوە بوون کە



پێوەندی سێکسی لەگەڵ کەسێکی نامۆدا ببەستن، بێگومان هۆکاری تریش هەن وەك گوێنەدان بەمافی ژن و مێردایەتی، چونکە ژن و مێرد کۆمەڵێك ئەرك و مافیان بەسەر یەکەوە هەیە، کاتێك ڕەچاو نەکراو و پێشێلکرا، گرفت و نەریتی تۆڵەسەندنەوە لەو خێزانەدا دروست دەبێت کە پاڵنەرێکی سەرەکی خیانەتکردنە، بۆنموونە کاتێك ئافرەتێك بۆی دەردەکەوێت کە مێردەکەی هیچ مافێکی دەروونی و مەعنەوی پێنابەخشێت، سەرەڕای ئەمانە گرفتی تریش هەیە وەك پێکەوە نەگونجانی نێوان هاوسەران و یان بێ ئەزموونی و پەلەکردنی کچان و کوڕان لەهەڵبژاردنی هاوسەردا یان بەزۆر بەشوودان»، سیما لەدرێژەی قسەکانیدا باس لەهۆکارە دەرەکییەکان دەکات و دەڵێت «هۆکارە دەرەکییەکان کە هانی خیانەتکردن دەدەن زۆرن، لەوانە ئیشکردن لەدەرەوەی ماڵ بەتایبەتی لەفەرمانگەو کۆلیژەکاندا کە تێکەڵی هەردوو ڕەگەز هەیە، ڕۆژانە و بەردەوام، کاتێك لەماڵەوە هەست بەبوونی سۆز و خۆشەویستی ناکات بەشوێن کەسێکدا دەگەڕێت خۆشەویستی پێبدات، ئەمە بێجگە لەوەی کەئەمڕۆ جیهان وەك گوندێکی بچووکی لێهاتووە، بەهۆی ئامێرەکانی تەکنۆلۆجیایی سەردەمەوە، خراپ بەکارهێنانی ئەم ئامێرانەش خیانەتکردن زۆر دەکەن».

سەبارەت بەچارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی خێزان کە بەهۆی خیانەتی هاوسەرییەوە دروست دەبن، ئەو توێژەرە دەڵێت «بێگومان خیانەتی هاوسەری مەرگەساتێکی گەورەیەو کێشەو گیروگرفتی زۆر بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەڵام دەبێت هەوڵی چارەسەری ئەو گرفتانە بدەین، ئەوەی ئاڵۆزە بۆ هەمووومان ئالودەبوونی کەسانێکە بەسێکسی ناشەرعی و بۆ تێرکردن و بەدەستهێنانی خۆشییەکانی خۆی ئەوەی گرنگە بۆ هەمووومان ئەوەیە کە ئیرادەو لێبوردەیی هەنگاوی سەرەکیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو گرفتانەی کەبەهۆی خیانەتەوە سەرهەڵدەدەن، لەبەر ئەوەی کە ئەو کەسەی کەخیانەت دەکات ژن بێت یاخود پیاو دەکەوێتە ناو گێژاوێکی قێزەونەوە، بەڵام پێویستە کەسانی دەوروپشتیان لێیان ببورن و هەوڵبدەن لاپەڕەیەکی نوێی جوانی بێگەرد لەگەڵیاندا هەڵبدەنەوە و سەرلەنوێ ژیانێکی ئاسوودە و قەشەنگ دروستبکەنەوە، ئەویش لەڕێگای ئەوەی کە دەبێت ئیرادەی بەهێز بێت و لێبوردنی هەبێت».

جوان موراد توێژەری دەروونی پێیوایە هەندێك حاڵەتی دەروونی هەن کە وادەکەن خیانەت ڕوودات هاوسەرگیری ناتەندروست هۆکارێکی سەرەکی ڕوودانی خیانەتە و دەشڵێت «دەستنیشانکردنی هاوسەر لەسەر بنەمای بەرژەوەندی، یا نەبوونی ئازادی کچ و کوڕ بۆ هەڵبژاردنی هاوسەری داهاتوویان و هەڵبژاردنیان لەلایەن خێزانەکانیان، بۆشاییەکی دەروونی دروست دەکات، کە ئەمەش تا سەر حەز و خواستەکانیان تێر ناکات و وا دەکات لەناوەڕاستی پرۆسەی هاوسەریەتی یەکێك لەو دوو هاوسەرە مەیلێکی سۆزدارییان لا دروست ببێت بەرامبەر کەسێك کە هەست دەکەن لەڕووی دەروونییەوە نزیکترە لێی، بەتایبەتی دامەزراندنی بناغەی هاوسەرگیری تا ڕاددەیەك لەسەر بنەمایەکی تەندروست نییە، بۆیە کاتێك کچ و کوڕێك دەچنە ناو پرۆسەی هاوسەرێتی، دوای ماوەیەك لەیەکتر تێنەگیشتن ڕێز لەیەکتر نەگرتن، بیروڕا ئاڵوگۆڕ نەکردن وا لەهاوسەران دەکات لەو ژیانەی کە خۆیان لەسەرەتاوە بڕیاریان لەسەر نەداوە سارد بن، دواتریش ناچار بۆ تێرکردنی حەزەکان و هەروەها غەریزە سروشتییەکانیش، بگەڕێن بەدوای کەسێك کە لێیان تێبگات، ئەمەش دەبێتە دەستپێکی پێوەندی خۆشەویستی و دواتر پێوەندی سێکسی لەگەڵ کەسێك».

جوان وتیشی «مەسەلەی خیانەت لەکۆمەڵگەی ئێمەدا پەیوەستە بەچەند پاڵنەرێکەوە بۆ نموونە ئەگەر ژنێك خیانەت لەمێردەکەی بکات ئێمە یەکسەر بەتاوانبار دایدەنێین و دەیکوژین، بەڵام لەراستیدا ئەگەر بێتو لەڕووی دەروونییەوە مامەڵەیەکی تایبەتی بکەین و هاوکاری بکەین بزانین ئەو بۆشاییە دەرونییە چییە کە بۆی دروستبووە چارەسەری بکەین تاڕاددەیەك گرفتەکان چارەسەر دەبن و خیانەت کەم دەبێتەوە».

